# ئەوڕۆژەی کە وون بوو

**ایزاك باشویس سینگر**
**وەرگێران بۆ فارسی : نسرین مهاجرانی**
**وەرگێڕان بۆ کوردی : گیابەند نستانی**

ناسینی من کارێکی ئاسانە .ئەگەر لەشەقام پیاوێکت دی کە کۆتیکی بەرزی دەبەر و پێلاوێکی گەورەی لە پێ دا بوو و کڵاوێکی لێوار پانی بە سەرەوە بوو و چاویلکەکەشی رەش بوو و لە رۆژی هەتاویش دا چەترێکی رەشی پێیە بزانە ئەو پیاوە منم "پرۆفیسۆر شمیل". هەڵبەتە ڕەمزی دیکەش بۆ ناسینی من هەیە. حەیبەکانم هەمیشە لە ڕۆژنامە باس کراون جانتایەك بە دوای خۆم دا دەکێشم کە پڕە لە وردە واڵە.

خراپتر لە ئەوەیە کە هەمیشە هەڵە دەکەم و پێدا چوونەوەشیان مەحاڵە. زیاتر لە چل ساڵە لە نیۆیۆرك دەژیم، بەڵام هەرکات بمهەوێ بۆ باکووری شار بڕۆم، لە باشوری شار سەر دێنمە دەرێ و کاتێ دەمهەوێ بۆ ڕۆژهەڵات بڕۆم لەلای ڕۆژئاوا خۆم دەبینمەوە. هەمیشەش دوور دەڕۆم و کەس بۆ ئەو شوێنە نابەم. زیاتری کاتەکانم شت و مەك لە شوێنەکان دادەنێم. ڕۆژێ سەد جار بە دوای قەڵەم، پارە، دەسماڵ و دەفتەری یادداشت دا دەگەڕێم. بەڵێ، ئەمن بە راستی پرۆفیسۆرێکی مێشك ئاڵۆزم. ساڵانێکە لە زانکۆیەك، دەرسی فەلسەفە دەڵێمەوە، لە گەڵ بوونی ئەوە هەمیشە بۆ پەیدا کردنی پارە تووشی کێشە دەبم. ئاسانسۆرەکانیش یاریم پێ دەکەن. کاتێ دەمهەوێ بۆ تەبەقەیەکی بەرز بڕۆم، لە ژێر زەومین سەر دەردێنم. لە یادم نیەیە کە یەك جار بۆ لای ئاسانسۆر ڕۆیشتبم و لە تاقە دا لە ڕووم کرابێتەوە. جگە لە هەڵە هەمیشەییەکانم و وون کردنی کەل و پەلەکانم، لە بیر چوونەوەم هەیە. کە دەچم بۆ چێشتخانە کۆتەکەم بە سەر ا هەڵدەواسم، بەڵام دوایش بە بێ کۆت لەو شوێنە دەچمە دەرەوە. لە یادمە کە کۆتەکەم دەست نەکەوتەوە بەڵام نازانم دوایی بۆ کوێ بڕۆم و بە دوای دا بگەڕێم. تا ئەورۆ کڵاو، کتێب، چەتر،پاك کەرەوەی زۆرم وون کردووە. خراپتر لەوە هەموو دەست نووسەکانم وون کردووە. هەندێك کات هەتا ناونیشانی ماڵەکەشم لە بیر دەکەم. ڕۆژێکی ئێوارە بۆ ڕۆیشتنی ماڵەوە

پەلەم بوو. ئەو شەوە شەوی لە دایك بوونم بوو. شۆفێرەکە پرسی "بۆ کوێ دەڕۆی؟" بەڵام ئەمن ناونیشانی ماڵەکەم وون کردبوو. گووتم: "ماڵێ" بە سەر سوڕمانەوە پرسی: "ماڵەکەت لە کوێیە؟" وەڵامم دایەوە:"لە یادم نییە"

ـ نێوت چییە؟

ـ پرۆفیسۆر شمیل

شۆفێرەکە گووتی: "پرۆفیسۆری ئازیز! پرۆفیسۆری ئازیز ئەمن ئەتۆ بۆ نزیکترین شوینی تەلەفۆن دەبەم. لەو شوێنە دەتوانی لە دەفتەری یاداشتی "ڕێنمایی" ژمارەو ناونیشانی ماڵەکەت بدۆزییەوە."

ئەو منی بۆ نزیکترین شوێنی تەلەفۆنی گشتی کە لە لای دەرمان سازی بوو برد بەڵام چاوەڕیی نەکردم و ڕۆیشت. کاتێ نزیکی دەرمان سازی بوومەوە زانیم کە جانتاکەم لە کوێ داناوە. هاوارم کرد:"جانتاکەم، جانتاکەم" بەڵام دوور کەوتەوە ئیدی تاکسی ڕۆیشتبوو. کاتێ لە دەفتەری ڕێنمایی وشەی "ش"م دۆزییەوە بە تەواوی سەرم سوڕما چونکی ژمارەیەکی زۆری شمیل لە پشت سەرمەوە ڕیز بوون. نێوی من لە نێو ئەو نێوانەدا نەبوو. وەبیرم هاتەوە کە چەند مانگ پێش ئێستا بە قسەی خێزانەکەم ژمارە نوێیەکەی تەلەفۆنەکەمانم بە ئاگاداری تەلەفۆن خانە نەداوە. کاتێ ژمارەکەم هەڵگرت هەڵە بوو و "شمیل"ێکی دیکەیان دەویست. بیری باشم کردبۆوە بەڵام دەبێ ئێستا چۆناو چۆنی ناونیشانی ماڵەکەمان بدۆزمەوە. بە گشتی کە نامەکانم بۆ دەهاتن لە لیڤێکسەکەم دەهاویشتن، بەڵام لە بێ بەختی، ئەو ڕۆژە لیڤێکسەکەشم بە تاڵ کردبوو.

ڕۆژی لە دایك بوونم بوو هاوسەرەکەم، هاوڕێیانمی بۆ ئێوارە بانگهێشتن کردبوو. کیکێکی گەورەی دروست کردبوو و ڕووەکەشی بە مۆم ڕازاندبۆوە. سەرو چاوی هاوڕێیانم دەهاتنە بەر چاو کە بە چاوەڕوانی من بوون، بەڵام ئەمن لە کابینەی تەلەفۆن گیرم خواردبوو و نەم دەتوانی ناونیشانی ماڵەکەم وەبیر خۆم بێنمەوە. دوای کەمێك بیر کردنەوەم ژمارەی یەکێ لە هاوڕێیانم وەبیر هاتەوە. دکتۆر "مادرهد" بڕیارم دا تەلەفۆن بۆ ئەو بکەم و یارمەتی وەربگرم. ژمارەکەم گرت کچێکی گەنج تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

ـ ببورە، ئاغای دکتۆر لە ماڵەوەیە؟

ـ نەخێر.

ـ ئەی خانمەکەی؟

کچەکە گووتی: "نەخێر، ئەوان هەدووکیان ڕۆیشتوونەتە دەرەوە."



ـ دەتوانی بڵێی بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟

ـ کچ: " ئەمن ئاگاداری منداڵەکانیان دەکەم، بەڵام لەو بڕوایە دام بۆ میوانی پرۆفیسۆر شمیل ڕۆیشتبن. دەتهەوێ پەیامێکیان بۆ جێ بهێڵە؟

گووتم: " ئەمن پرۆفیسۆر "شمیل"م.

کچ: " ئەوان سەعاتێك دەبێ هاتوون بۆ ماڵی ئێوە."

پرسیم: " گووتت بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟"

ـ کووتم هاتوون بۆ ماڵی ئێوە.

ـ بەڵام ماڵی من لە کوێیە.

ـ گاڵتەی دەکرد؟!

ئەوەی گووت و تەلەفۆنەکەی داخست.هەوڵم دا کە لە هاوڕێکانی دیکەم داوای هاوکاری بکەم. بەڵام هەر شوێنێك کە گرتم هەمان وەڵامیان دەدایەوە: "ئەوان ڕۆیشتبوون بۆ میوانی پرۆفیسۆر شمیل." بە هەمان شێوە کە لە شەقام دانیشتبووم و بیرم دەکردەوە، باران باری. ویستم چەترەکەم هەڵدەم بەڵام ئەویشم لە شوێنێك بەجێ هێشتبوو. لە ژێر هەیوانەکان ڕاوەستام. باران خۆش خۆش دەباری. ئاسمان هەورە تریشقەی دەدا. تەواو ڕۆژەکانی گەرم و ساماڵ بوون بەڵام ئێستا کە خۆم وون بووم و چەترەکەشم وون کردووە دەبێ باران بباریێ. وەزعی هەوا خراپ بوو لەو بڕوایە دابووم کە باران بەو زوانە لێی

ناکاتەوە. بۆ ئەوەی خۆم سەرگەرم بکەم هەوڵم دا خۆم بە یەکێ لە سەختترین مەسەلەی فەلسەفیەکانەوە سەرقاڵ بکەم: "یەکەم مریشک بوو یان هێلکەی مریشک؟" ئەوە پرسیارێك بوو کەکام هیچ لە فەیلەسوفەکان تا ئەو کاتە نەیانتوانیبوو وەڵامی بدەنەوە. بەڵام حەتمەن وەڵام بۆ ئەو پرسیارە هەیە و چارەنووس وابوو کە من "پرۆفیسۆر شمیل" ئەوە حەل بکەم. هەر بارانیش دەباری. لە ڕاستیدا تەڕ ببووم و سەرمام ببوو دەستم کرد بە پشمین. ویستم ئاوی چاوم بسڕم، بەڵام دەسرۆکەکەشم فت، ئەویشم لە شوێنێك بە جێ هێشتبوو. لەو کاتەدا چاویشم بە سەگێکی گەورەی ڕەش کەوت. تەڕ ببوو بە چاوی ناڕەحەتیەوە چاوی لەمن دەکرد. لێی حاڵی بووم. ئەویش وون ببوو وەکو من ناونیشانی ماڵەکەی وون کردبوو.ئەو ئاژەڵە بەستەزمانەم بەردڵ کەوت و فیکەم بۆ لێدا. بۆ لام هات لەگەڵ ئەو دەستم کرد بە قسە کردن گوتم: "ببە هاوڕێی من، ڕۆژگاری ئێمە وەکو یەکە ئەمن پیاوێکی فەرامۆشکارو ئەتۆش سەگێکی فەرامۆشکار. حەتمەن ئەڕۆ ڕۆژی لە دایك بوونی تۆشە و بۆ تۆ جەژنیان گرتووەو بەڵام ئەتۆ لێرە لە بەر باران مایەوەو لە سەرمان دەلەرزی. ئێستا خاوەنەکەت لە هەموو شوێنێك لە دوات دەگەڕێ و حەتمەن وەکو منیش برسیت. هاوڕێ، ئەمن تا کۆتایی ڕێگا لە گەڵ تۆم. ئەگەر خاوەنەکەتم نەدۆزییەوە، ئەتۆ لەگەڵ خۆم دەبەم. ئێستا وەرە با پێکەوە دەست بگرین. "سەگ دەستی بەرز کردەوە. تێگەیشتم کە تەواوی وشەکانم تێگەیشتووی. تاکسیەك بە لامان تێپەڕی و ئاوی بە ڕوومان دا پرژاند. تاکسیەکە کەمێك لەو لاتر ڕاوەستاو کەسێك هاواری کرد: "شمیل! شمیل! " سەرم بەرز کردەوە لە تاکسی دابەزی و یەکێ لە هاوڕێیانم سەری دەرهێنا: "شمیل! لێرە چی دەکەی؟ چاوەڕوانی کەسێکی؟" پرسیم: "تۆ بەرەوکوێ دەڕۆی؟"

ـ باشە دیارە ئیدی! ماڵی ئێوە. من کەمێك دوا کەوتم بەو جۆرە داوای لێبووردن دەکەم. لێپرسینەوەیان لە ئێمە کرد. دوایی بۆت باس دەکەم. بەڵام بە هەر حاڵ خۆم گەیاندێ. درەنگ هاتن باشترە لە هەرگیز نەهاتن. بەڵام ئەتۆ بۆچی لە ماڵ نی؟ ئەو سەگە ماڵی کێیە؟ گوتم: "خودا بۆ منی ناردووە.چونکە ئەوشەو ناونیشانی ماڵەکەم لە بیر چوبووە، جانتاکەم لە تاکسی دا بەجێ هێشت و چەترەکەشم وون کرد." هاوڕێکەم گووتی: "شمیل، تۆ فەرامۆشکارترین پرۆفیسۆری جیهانی! " کاتێ کە زەنگی ماڵەکەم لێ دا، هاوسەرەکەم دەرگاکەی کردەوە، بە دیتنی من هاواری کرد: "شمیل" هەموومان چاوەڕێین. تا ئێستا لە کوێ بووی؟ چەترەکەت کوا؟ ئەو سەگە ئی کێیە؟" هاوڕێکانم دەورەیان لێدام: "لە کوێ بووی؟ نیگەرانت بووین، بیرمان دەکردەوە نەکا بەڵایەکت بە سەر هاتبێ! " هاوسەرەکەم دیسان پرسی: "ئەو سەگە ئی کێیە؟" لە کۆتاییدا گوتم: "نازانم، لە لای شەقام دۆزیومەتەوە هەروەها بە ناوی "بووو" بانگی دەکەم."

هاوسەرەکەم بە مڕوومۆچی گوتی: "حەی لەوناوە ! بووو! تۆ دەزانی کە پشیلەکەمان چۆن لە سەگ دەترسێ. تکلین تووتیـەکانمان چی لێ دێ؟ ئەو ئەوان دەترسێنیێ؟

گوتم: "ئەوە سەگێکی ئارامە. ئەو دەبێتە هاوڕێی پشیلەکەمان. هەروەها توتیەکەشمانی خۆش دەوێ دڵم نایە لەو بارانـەدا بـەرەڵای بکەم. ئاژەڵێکی باشە." تا ئەو وشەیەم گووت سەگەکە بۆ سوپاس نوزەیەکی کرد پشیلەکە چووە سـەر تاقەکـەو چاوی لـە سـەگەکە دەکرد، سڵی کردبوو، ئامادە بوو کە چاوەکانی سەگی بێچارە گلێنەیان بێنێتە دەر. تووتیەکەش لە قەفـەس، باڵـەکانی قـایم دەکـردو خۆی فش دەکردەوە. بە یەك جار هەموویان دەستیان کرد بە قسەکردن. غەڵبە غەڵب بەرز بۆوە.

دەتهەوێ بزانی سەرەنجامی ئەو بەسەرهاتە چی لێ هات؟

"بووو" هەر لە گەڵ ئێمە ژیان دەکا. و لە گەڵ پشیلەکە بوونەتە هاوڕێ. تووتیەکانیش دەچنە سـەر پـشتی "بـووو" دەڵێـی سـواری ئەسپ بوون. بەڵام تێبگە لە هاوسەرم. ئەو ئێستا تەواو خووی بە "بووو" گرتوە. هەتا لە من زیاتر. هەرکات کە بمهـەوێ سـەگەکە بـۆ گەڕان بەرم، یەکسەر دەڵێ: "ئاگادار بە وون نەبی، لە گەڵ ئێوەمە ! "

نە جانتاکەم پەیدا کردەوەو نە چەترەکەم. ئەمنیش وەك فەیلەسووفەکانی پێش خۆم لـە خێروبێـری وەڵامـی ئـەو پرسـیارە چـوومە دەرێ کە یەکەم جار مریشك بوە یا هێلکەکەی.

خەریکی نووسینی کتێبێکم بە ناوی " بیرەوەری شمیل" گەر نووسینەکانم لە تاکسیدا یان لە ڕێستۆران یان لە سەر تەختـەی پـارك بە جێ نەهێشتبایە لە وانە بوو ڕۆژێ ئەوانیشتان بخوێندبایەوە. هەروەها ئەوە بەشێکە لە کتێبەکەم.